# ڕایی گشتی کوردستان لەگەڵ دابەشبونی عێراقە

ڕاپۆرت :ئاسۆ
Asoahmad2004@yahoo.com




پڕۆژەی جۆزیف بایدن، کەلە 27 سیتەمبەری 2007 لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوەبەکۆی73دەنگ دژبە23 دەنگ پەسەند کرا .کاردانەوەی جۆراو جۆری بەدوای خۆیدا هێنا ،هەرچەندە پڕۆژە پەسەند کراوەکەی جۆزیف بایدن تەنیا پێشنیارەو ئیدارەی کۆشکی سپیی پابەند نیە بەو پێشنیارەوە بەلاّم لەلایەن ولاّتانی چواردەوری عێراق و ولاّتانی کۆمکاری عەربییەوە بەتوندی ڕەتکرایەوە. لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراقیش وەك چاوەڕوان دەکرا سونە مەزهەبەکانی عێراق بەتوندی دابەشبونی عێراقیان بۆسەر سێ هەرێمی فیدراڵ ڕەت کردەوە .شیعە مەزهەبەکان یش هەڵوێستی دژ بەیەکیان هەبوو، گرووپی موقتەدا سەدر بەتوندی ئەم دابەشکردنە ڕەت ئەکاتەوە وهاوڕایە لەگەڵ زانایانی موسڵمانیسونە کە لەئێستای عێراقدا ئەمدووگروپە شەڕێکی مەزهەبی دژبەیەك بەڕێوەدەبەن زەرەوزیانێکی مادیو مرۆی گەورەیان بەدانیشتوانی ناوەڕاست و خوارویعێراق گەیاندوە. لەسەر ئاستی ڕەسمی حکومەتی عێراقیش مالکیسەرۆك وەزیران پڕۆژەبڕیارەکەی بەکارەسات بۆعێراقیەکان ناوبرد .بەلاّم ئەوەی چاوەڕوان دەکرا سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پڕۆژەبڕیارەکە پەسەند دەکات و پێشوازی لەم هەنگاوەدەکات ..سەرۆك کۆماری عێراقیش پیشوازی لەبڕیارەکەکردوو ئەوەی ڕوون کردەوە کە ولاّتانی ناوچەکەو پێکهاتەکانی عێراق هەڵەلەم پڕۆژەیە تێگەیشتون لەبەر ئەوەی پڕۆژەکەی بایدن دابەشکردن نیە، بەڵکو سیستەمیفیدڕاڵی پێشنیار رکردوە .سیستەمی فیدڕاڵیش لەلایەن عیراقیەکان خۆیانەوە لەدەستوری هەمیشەی پەسەند کراوەو دەنگی بۆدراوە .ڕایگشتی کوردیش هاوهەڵوێستە لەگ لەسەرۆکایەتیەکەی کە بارزانی سەرکردایەتی دەکات .خەڵکی هەرێمی کوردستان پڕۆژەکەی بایدن بەکلیلێك دەزانن ،کەدتوانێت کۆیدەرگاداخراو پڕلەکێشەکانی عێراق بکاتەوەوچارەسەری بکات .هەرچەندە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیەکارێکی ئاسانیەو ڕیگری زۆری لەبەر دەم دایە، بەلاّم چاودیرانی سیاسی کوردستان پێیان وایە، ئاسان ترین ڕێگا بۆچارەسەر کردنی ئەم قەیرانە خوێناوییەی عێراق دابەشکردنیەتی بۆسەر سێهەرێمی فیدراڵ .تەنیا گومان و ناڕازایەتی ڕای گشتی کوردی لەسەر پڕۆژەکەی بایدن ئەوەیە کەفیدڕاڵی لەسەر بنەمای تایفیدیاری بکرێت ،ئەم نارەزایانەش لەخۆوەسەر چاوەناگرێت ،کەرکوك و ناوچادابڕاوەکانی کوردستان کەدەمێکە کێشەو ململانێی لەسەرەو ،بەدرێژای مێژوی شەڕی کوردوو، عەرب لەعێراقدا لەسەر ئەم ناوچانە بووە. بۆیە هەرێمی کوردستان خوازیارە کە فیدڕاڵی لەسەر بنەمای جوگرافی بێت .هەرچەندە ئەم پڕۆژەیە لەگەڵ سیاسەتی کۆشکی سپی ناتەبایەو ڕەت کراوەتەوە. بەلاّم چاودێران وڕای گشتی کوردی پێیان وایە کە ئەم پڕۆژەیە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە لەمەودای کورت یان دوور کاری پێدەکرێت ،ڕۆژگار جەمال: دەرچوی زانکۆیسلێمانی لەبەشی یاسا، وێڕای خۆشحاڵی بەم پڕۆژەیە هاوکات یش لەوەدڵنیا یە کەڕۆژێك دێت هەرێمی کوردستان دەبێتە دەوڵەت .ژۆزان جەمال: مامۆستای دواناوەندییە، پێی وایە زوویادرەنگ ئەم پڕۆژەبڕیارە لەلایەن شیعەکانیشەوە پەسەند دەکرێت .بۆیە ئەو خۆشحاڵەو بەپێشنیارێکیزیرەکانەی دەزانێت .دابان صالح: ڕۆژنامەنوسەو لەبواری سیاسی داکاردەکات ،ئەو پیی وایە چارەنوسی عیراق بەئەگارو ئاسن بەیەکەوە گرێدراوە ئێستاش ئەم کوشتارە گەورەیە بۆئەوەیە کەعێراق بەیەگرتوی بمێنێتەوە ئەمەش کارێکی مەحاڵە لەبەر ئەوەی کەچوارساڵەئەم جەنگە بەردەوامە نەتوانراوە کۆنترۆڵ بکرێت تاکەڕێگای چارەسەریش، پڕۆژەکەی جۆزیف بایدنە .ڕای گشتی کوردستان پێیوایە کەدابەشکردنی عێراق بەسەر سێ هەرێمی فیدڕاڵ چارەسەری قەیرانە کانی عێراقە بەلاّم جێی بەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە کارێکی قورسەو نەیاری زۆری هەیە ئەوەی کەدوا بڕیاریش لەسەر چارەنوسی ئەم پڕۆژەیەدەدات ،ڕەوتی ڕوداوەکانی عێراقە دەبێت چاوەڕێبین.